# پەرتووكی (ئینسكلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال) دەخرێتە سەر ماڵپەڕەكان



یەکشەممە 27.3.2011
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

بەبۆنەی (23)یەمینساڵیادی رۆژی ئەنفال (14.4.1988)، كە لەو رۆژەدا ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە دانیشتوانی ئەو ناوچەو دێهاتانەی كە بەر شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی سێ (20.4.1988-7.4.1988) كەوتن، لە گوندی (ملەسوور)ەوە بەرەو گۆڕە بە كۆمەڵەكان گواسترانەوەو زیندەبەچاڵ كران، بۆیە لە یادی ئەم رۆژەدا واتە لە رێكەوتی (14.4.2011)دا پەرتووكی (ئینسكلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و كوردۆسایدكردنی گەلی باشووری كوردستان)، كە ماوەیەكی زۆرە خەریكی نووسینیمە، لە هەموو ئەو ماڵپەڕە ئەلكترۆنییە كوردییانەی كە دەیانەوێت ئەم پەرتووكە دابەزێنن، دادەبەزێت.

وەكو رێزێك و بەرزڕاگرتنی ساڵیادی ماتەمینی رۆژی ئەنفال كە رۆژی (14.4)ی هەموو ساڵێك كراوە بە رۆژی ئەنفال، نیاز وایە لە رێكەوتی (14.4.2011)دا پەرتووكی (ئینسكلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و كوردۆسایدكردنی گەلی باشووری كوردستان) لە یەك كاتدا بە (پی. دی. ئێف) بخرێتە سەر ماڵپەڕە كوردییەكان. سەرەتا نیازم وابوو لە ساڵیادی (23)یەمین ساڵ رۆژی شاڵاوی ئەنفالی یەكەم تا كۆتایی ئەنفالەكان واتە ئەنفالی هەشتەم، هەروەها لە یادی ژەهر باران كردنی شارۆچكەی هەڵەبجەدا هەر یەكەو ووتارێك بڵاوبكەمەوە، بەڵام دواتر بڕیارمدا رۆژی (14.4.2011) تەواوی پەرتووكەكە دابەزێنم، بەتایبەت ئەگەر قۆناغ بە قۆناغ ئەوەم بكردایە ماوەیەكی دوورو درێژی دەویست كە ئەنفالی یەكەم لە رێكەوتی (23.2.1988)، كیمیا بارانكردنی هەڵەبجە لە (16.3.1988) و شاڵاوی ئەنفالی هەشتەم لە رێكەوتی (-25.8.1988 6.9.1988)دا دەستیان پێكردووە. واتە دەبوایە بەلای كەمەوە ماوەی شەش مانگ بڕوات تا تەواوی ووتارەكانی ناو پەرتووكەكەم بڵاودەكرانەوە، كە بە ماوەیەكی دوورو درێژی دەزانم و گەیاندنی زانیارییەكانیش بە یەكجار بە باشتر دەزانم بە خوێنەران نەك بەشێوەیەكی پچڕ پچڕ كە خوێنەران لە چاوەڕوانیدا بێزار بكات.

بەڵام بەهۆی قورسی پەرتووكە كە چەندین بەڵگەنامەو وێنەی تاوانبارانی تیایە، ناردنی بە ئیمێیل كارێكەو ناكرێت، بۆیە داوا لە هەموو ئەو ماڵپەڕانە دەكەم كە دەیانەوێت ئەم پەرتووكە دابەزێنن، بە ئیمێیلێك كە هۆتمێیل بێت ئاگادارم كەنەوە، بۆئەوەی لای خۆم ئەدیان بكەم و دواتر لە مسنەوە پەرتووكەكەم لێوەرگرن.

تێبینی: خاوەنی ئەو ماڵپەڕانەی کە دەیانەوێت پەرتووکەکە لە رۆژی (14.4.2011)دا لە ماڵپەڕەکانیاندا دابەزێنن، دەتوانن بەم ئیمێیلەوە (darsim2006@hotmail.com) ئاگادارم بکەنەوە، بۆئەوەی چەند رۆژێک بەر لە (14.4)دا پەرتووکەکەیان بگاتە دەست، تاوەکو هەموو ئەو ماڵپەڕانەی کە دەیانەوێت ئەو پەرتووکە دابەزێنن، لەیەک کات و لە یەکەم چرکەی رۆژی (14.4.2011)دا بەکاتی کوردستان کە دەکاتە کاتژمێری (23:00)ی ئێوارەی رێکەوتی (13.4.2011) بەکاتی ئەوروپا پەرتووکەکە دابەزێنن.